# ئەم بەیانییە زووە بیرمەکردی

چیرۆك

هێمن مەحمود
(دەربەندیخان)
Hemnm1979@yahoo.com

بۆ (رۆژان)

تۆ بۆنی موعجیزەت لێدەهات بۆیە ئەم هەموو ئەفسانەم لەدەورت خوڵقاند.

هەمیشە وهەمیشە بیرمدەکردی وبەشوێن ئەو گۆرانیانەدا دەرۆشتم کە دەیانگەیاندمەوە بە تۆ،لەنێوان ژیان ومردنمدا وەستابویت وژیانی بێ تۆیم بەلاوە سەختتربو لەمردنێکی قورس وگران.

منالبوم هێشتا تۆم نەناسیبو ،هەمیشە بیرم لەمردنی خۆم دەکردەوە،لەدواین نیگا بۆ دونیا،لەدواین ووشە و لەدواین پێکەنین،لەدواهەمین لێدانی دڵم کە ئیدی لێنادات وبۆ ئەبەد رادەوستێ.

منالبوم هەمیشە بیرم لەمردنی هاورێکانم دەکردەوە،لەمردنی پیاوە پیرەکانی گەرەك کە بەبێدەنگی یەکە یەکە دەمردن وکۆلانەکەیان جێدەهێشت و جگە لەچەند یادەوەرییەك کە بۆ ئێمەی منداڵ شیرین بو هیچیان لەدوای خۆیانەوە جێنەدەهێلا.

بەمنالی ژیان هێند گەورەبوو بەشی نەدەکردم،تەنانەت شەوانیشم دەدایە دەمی رۆژەوە کەچی هەمیشە کۆمەلێك یاریم لێ جێدەما.

هاورییەکم نیوەرۆیەك کە دەیویست لەشەقامە سەرەکییەکەی شار بپەرێتەوە و بۆ قوتابخانە بروات ئۆتۆمبیل لەیدا وکوشتی.

نیوەرۆییەکی سەیربوو،دایکم بەپەلە رایکردە ماڵە دراوسێکەمانەوە کە لەچاو تروکانێکا شارەکە رژابونە ماڵەکەوە ودەیەها ژن لەخۆیان دەدا،دایکیشم دەستی دایکی هاورێکەمی گرتبوو بۆ ئەوەی هێندەی تر دەموچاوی خۆی بریندارنەکات ولەخۆی نەدا.

کە لەمزگەوتە گەورەکەی شاریش هاورێکەمیان شۆرد،ئێمەی منداڵ هێند بچکۆلەبوین پیاوە گەورەکان نەیانهێشت برۆینەوە مزگەوتەکەوە و بۆ دواهەمین جار وبۆ ئەبەد لەجەستەی بروانینین.

ژیان تێدەپەرێ ومردنیش بەتەنیشتییەوە هێدی هێدی هەرجارەو کەسێکی دەبرد.

ئێمەی هاورێیانی گەرەك گێرانەوەی مردنی هاورێکەمان وەك گێرانەوەی مردنی ئەفلام کارتۆنێك سەیردەکرد.

هەمانبو دەیوت نەمردوە وهاکا زانیت گەرایەوە،هەشمانبو دەیوت خودا لەو دونیا کردویەتیە پەپولە،منالێکیشمان تیادا بوو بەترسەوە دەیوت باسی مەکەن چاوی لێمانە ودەزانێ چی دەلێیین با ئێمەش لەگەل خۆی نەبات.

بەلام دواتر بە تێپەرینی ئێوارەکانی کۆلاندا بۆمان دەرکەوت کە ئیدی گەرانەوەی مەحالە وئێمەش وەك هەموو شتە تێپەرەکانی دونیا،وەك هەموو شتە تێپەرەکانی منالی بۆ ئەبەد لەزاکیرەماندا کالبویەوە

ولەبیرمانکرد.
ئێمەی منالانی کۆڵان چەند هاوڕێیەك بوین کە دواتر ڕۆژگار هەریەکەمانی فڕێدایە شوێنێکەوە و زۆر بەزوویی و بێ یەك گەورەبوین.
من هیچ جارێك تامی مردنم نەکردبوو،هەستم بە ئازارە قوڵەکانی نەکردبوو،تا ئێوارەیەکی زستان بەسەر مردنی خۆمدا کەوتم.
لەیاریگا بچوکەکە سەیری یارییەکی دوتیپی وەرزشیم دەکرد،سەرمایەکی کوشندەبوو،چەند ڕۆژێك پێشتر باران وبەفرێکی زۆر باریبو،ئەو ئێوارەیە نەبێت خۆردابویەوە و وەرزشکارانیش هەلەکەیان قۆستبویەوە و یارییان دەکرد.
کە یارییەکە تەواوبوو سەرماکە هێندەی تر زیادیکردبوو،لەڕێگادا هاوڕێیەکم وتی وەرەوە تامالّ بڕۆین،دڵم داخورپا،زانیم روداوێك رویداوە،بەڵام ئەو هیچی پێنەوتم.
کە گەشتمە ماڵ ودیمەنی ئەو هەموو ژنەم بینی وبەگریانەوە پەلامارییان دام زانیم دایکم مردووە وبۆیەکەمجار هەستم بەدڵڕەقی مردن کرد.
ئێوارەیەکی ترسناك وغەمگین بوو،تاڕۆژانێك دواتریش روداوێکی وەهام بۆ نەدەسەلما،رۆحم پێیدەوتم شتی وەها روینەداوە،دڵیشم هەمیشە بیری ئەوی دەکرد.
تێپەڕینی ڕۆژگارەکان،بەسەرچونی شەوە درێژەکان،بەیانیان وئێوارە غەمگینەکان،پیاسە تەنهاییە دورودرێژەکانی شەو،گوێگرتن لەگۆرانییە حەزینەکان،کردمی بەهاوڕێیەکی هەمیشەیی مردن.
بیرم لەمردنی خۆم دەکردەوە،لەمردنی دایکم ولەمردنی باوکم ولەمردنی هەموو ئەوانی دی.
لەمردن نەدەترسام وبەشوێن هەموو شوێن پێکانیدا دەڕۆشتم.
لەنێوان هەموو مردنێکدا لە رۆحەوە بەقوڵی گریاوم،تەنانەت مردنی کەسێکی نەناس،بینینی لافیتەیەکی رەش(بەداخەوە هاولاتی "......" کۆچی دوایی کردوە،ئەمڕۆ یەکەم رۆژی پرسەکەیەتی لەمزگەوتی...)،دیمەنی جەستەیەکی کەوتو لەشەقامەکانی ئەو وڵاتانەی هەمیشە جەنگە تیایدا،لاشەی کەسێکی سوتاو،بێتاقەتیکردوم.
مردنم خۆشنەدەویست،بەڵام رقیشم لێی نەبوو.
هەمو جارێك کەبیرم لەمردنی خۆم دەکردەوە دڵتەنگییەکی سەیر دایدەگرتم،بیری ژیانم دەکرد لەدوای خۆم،لەسەیرنەکردنی ئاسمان دەترسام جارێکی دیکە لەئێوارەیەکی هاوینا،لەباران دەترسام کە ئیدی بەهورووژم بەسەر سەرما نابارێت،لەمەلەنەکردنی ناو ئاوی روباری سیروان.
کەبیرم لەمردنی خۆم دەکردەوە هەمیشە بیرم لەو لەحزەیە دەکردەوە کە رۆحم لەجەستەم دەردەچێت،رۆحم لەو جەستە بێ گیانە دەڕوانێت کە کەوتوە وئیدی ناجوڵێت وخوشك وبراکانم بەسەریەوە دەگرین.
بیرم لە تۆدەکردەوە کە ئیدی کێ ئەڵقەکە بکاتە پەنجەت وکێ بەتەنیشتەوە رەسمەکان بگرێت.
تەنانەت شەوێك هێندە بیرم لەتۆ ومردن کردەوە خەوتم مردنم بینی.
لەسەحرایەکی چۆڵدا تەنهابوم ولەخۆرم دەڕوانی،هەستم بەگەرما نەدەکرد،هیچ ئاوەدانییەکیشم لێوە دیارنەبوو،لەو تەنهاییە دەترسام،لەدڵی خۆمدا دەمپرسی ئێرە کوێیە منی تێکەوتوە،خۆمن شەو لەشاردابوم وتێرپیاسەم کرد ودواتریش گوێم لەهایدە گرت وچەند نامەیەکم بۆ تۆ نوسی و(ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیم خوێندەوە.
خودایە چ سەحرایەکی چۆڵبوو،تەنها منی لێبو،نازانم لەو کاتەدا بیرم لەچی دەکردەوە،تەنها دڵتەنگییەکی

سەیر دایگرتبوم،لەناکاو رۆحی خۆمم بینی بێ هیچ ئازارێك لەجەستەم هاتەدەرەوە وبەدیار لاشە کەوتوەکەمەوە وەستا.

یەکسەر بیرم لەتۆ دەکردەوە کە چەند چرکەیەکی دیکە دێــیتە سەرم ولەخۆت دەدەیت.

دەمویست هەستم نەمدەتوانی،دەمویست هەناسە بدەم دەمم بۆ نەدەکرایەوە،دەمویست دەستم بجوڵێنم ومۆبایلەکە دەربهێنم وتەلەفونێکت بۆ بکەم وبڵێم من مردوم دەستم بەگوێ نەدەکردم،دەمویست بیرمبکەوێــتەوە ئەمە خەونە دەیبینم بیرم بۆ نەدەکرایەوە.

رێك بیرم لەدونیا دەکردەوە،شەوە درێژەکانی زستان وبەیانییە فێنکەکانی هاوین.

بیرم لەو هاورێیانە دەکردەوە کە سەرەرای کۆن بونیشیان هەر خۆشم دەویستن.

بیرم لە کۆمپیوتەرەکەم دەکردەوە کە هەموو شەوێك روبەڕوی یەك دادەنیشین وتێر سەیری یەك دەکەین.

ئەوە مردنێکی بێ ئازاربوو،بیرم لەوەدەکردەوە گەر لە ئۆتۆمبیلێکدا بوایەم وئۆتۆمبیلێکی دیکە خۆ پێدابکێشایەم چەند بەئازاربوو،هەربۆیە مردنێکی وەك ئەمەی ئێستام بەدڵبوو.

بیرم لەتۆ دەکردەوە کە سەدەیەکە بۆت دەگەڕێم ولەکاتی دۆزینەوەتا مردوم.

بیرلەو قسە دورودرێژانە،ئەو شەڕە کورتانەمان، سەیرکردنە پڕ پرسیارەکانت،بیر لە شەوی مارەبرینەکەت کە تۆ بەجلە کوردییەکەتەوە وەستابویت وپێکەوە وێنەمان دەگرت.

دەمویست هەستبکەم نەمردوم،هەستبکەم پێدەکەنم،هەست بکەم بیری تۆدەکەم،بەڵام حەیف مردبووم وبەتەنها لەو سەحرایەدا کەوتبوم.

کاتێك زەنگی مۆبایلەکەش لێیدا ونامەیەکی تۆم بۆهات نوسیبوت(دڵی من هەستە،ئەم بەیانییە زووە زۆر بیرمەکردی،ناتوانم تۆ بخەویت ومن بەئاگابم،دەمەوێت پێکەوە چێژ لەم بەیانیە زووە ببینین ،هەستە ماڵەکەم هەستە).هەستام،هەستم کرد نەمردوم ودەستەکانم بە ئاستەم جوڵاند،هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا،و زانیم نەمردوم،لەدڵەوە خۆشییەکی سەیر دایگرتم،بەچێژێکی زۆرەوە لە دونیا،لەو بەیانییە زووە،لە تۆ..

لەنامەیەکدا بۆم نوسیت"ژیان بێ تۆ مەرگێکی درێژە وبێ کۆتایە،وژیانی منیش لەتۆوە دەست پێدەکات"